# له تابلۆی سووردا



ساردین - سوید

هۆما گیان ....؟
لەبیرتە چەندین جار پێت دەوتم ..
حەزم لە تابلۆی سوورە .. سوورە ......؟
ئێ ئەوە نیە .. لە دووریتا چاوەکانم
سەراپا گومێگی سوورە و ... دڵە سێوسکەکەت
زاتی ئەوەی نیە تەنها بۆ جارێکش ..
خۆی باتە بەر ئە و شەپۆلە ... سوورانە .
بۆ جارێك ... ئە پارێمەوە
تەنها بۆ جارێ .. شۆڕبیتەوە..
شۆڕبیتەوە بەسەر قەدیفەی زامەکانما .
چاکیش ئەزانم کە زین دەخرێتە نێو قوڵترین زامەوە
........ بەلاّم ......؟
گیانە من پێم خۆشە ساڵەهای ..ساڵ
قەدیفەی زامەکانم لەژوانێکی..
هەتا هەتایدا ... بن
لەگەڵ زین و بەس ......
بەو شەرتەی .. نەڵێی دەگەرێمەوە ..
ئەی ئەو شۆخەی روو لە هەر هەوارێك بکەی ..؟.
دەیکەیتە .... کوێستانێ .
ئەوەتانێ ..ئەوەتانێ
کە هاتی دارستانی پرچم رەنگی بە خەیاڵی تۆوە پۆشێوە

**گیانه تۆ بڵێ ....؟**

**هەنسکی ئەوینێك لە و خواره**

**دڵە ئاسکە کەت نە پێکابێ**

**هەر بۆیە دەستەمۆ ... تاکەی..**

**لەم کوێستانە ..**

**ئێ تۆ بڕۆی..**

**کەزی کام شۆخ سەر بە ژێر**

**قەدماغەی برینەکانمدا بکا .........**

**کێ هەیە لەم شارە وێرانە**

**بە قەد تۆ لە تابلۆی سوور تێبگا .**

***************

**Sardeen1997@hotmail.com**